سەرۆک کۆمار بەشداری لە هەردو پێیماننامەی پاراستنی میراتی کلتوور و یونیدروا واژوو دەکات

ئەمە هەینی، سەرۆکی کۆمار عەبدوللەتیف جەمال ڕەشید، بەشداری عێراق لە هەردوو پێیماننامەی ساڵی 2001 ی پاراستنی میراتی کلتوور و یونیدروا واژوو کرد بە گەاندنەوەی پارچە کلتورییە دزراوەکان.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکایەتی کۆمار لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند: سەرۆك کۆمار عەبدوللەتیف جەمال ڕەشید، بە ئامادەبوونی وەزیری ڕەشنبیری و گەشتوگوزار و شوێنەوارە دێرینەکان ئەحمەد فەکاك بەدرانی، بەشداری عێراقی لە هەردوو پێیماننامەی(2001 تایبەت بە پاراستنی کەلەپووری کلتووری ژێر ئاوکەوتوو و پێیماننامەی یونیدروای ساڵی 1995ی پێیمانگەی نودەوەتی بە یەکخستنی یاسایەکی تایبەت بە پارچە کلتوورییە دزراوەکان یان بەنایاسایی هەناردەکراوەکان) پەسەندکرد. ئاشکراشیکرد: سەرۆك کۆمار وەزیری ڕەشنبیری و گەشتوگوزاری ڕاسپارد بە مەبەست پەدان و هەماهەنگی کردن لەگەڵ لایەنە پێیوەندیدارەکان و سەرکی نەردەی دیپلۆماسی عێراق لە فەرەنسا و نوێنەری هەمیشەیی عێراق لە یونسکە بکات لەو بارەیەوە . هەر لە بەیاننامەکەدا هاتووە، کە سەرۆك کۆمار لە میانەی ڕەوەسمی واژەکردنەکەدا، کە سەرکی دەستەی ئاسەوار و کەلەپووری عێراق لەیس مەجید حسەن ئامادەی بوو، جەختیکردەوە: کە بەشداریکردنی عێراق لەو دوو ڕەککەوتننامە گرنگەدا بە مەبەستی پاراستنی کەلەپووری کلتووری عێراق و سووربوونی عێراق دەگەیەنێت بە گەاندنەوەی ئەو پارچە ئاسەوارە دزراو یان بەقاچاغ

براوانې بې درېوې وېات.